# لەوەیە ئێوە قورئان بخوێنن لە پشت ئیمامەکەتانەوە، ووتمان: بەڵێ، بەو شێوەیە ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: قورئان مەخوێننەوە مەگەر (سورەتی الفاتحة) نەبێت؛ نوێژی هیچ کەسێک دروست نابێت ئەگەر نەیخوێنێت

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە پشتی پێغەمبەرەوە بووین -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانیدا، دەستیکرد بە قورئان خوێندن بەڵام خوێندنەوەکە لەسەری قورس بوو، کاتێک نوێژ تەواو بوو، فەرمووی: «لەوەیە ئێوە قورئان بخوێنن لە پشت ئیمامەکەتانەوە، ووتمان: بەڵێ، بەو شێوەیە ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمووی: قورئان مەخوێننەوە مەگەر (سورەتی الفاتحة) نەبێت؛ نوێژی ڕەنگەهیچ کەسێک دروست نابێت ئەگەر نەیخوێنێت».

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لە عوبادەی کوڕی سامتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- : (لە پشتی پێغەمبەرەوە بووین -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانیدا، دەستیکرد بە قورئان خوێندن بەڵام خوێندنەوەکە لەسەری قورس بوو): واتا خوێندنەوەی قورئان قورس وگران بوو لەسەر زمانی، وکاتێک تەواو بوو، فەرمووی: (لەوەیە ئێوە قورئان بخوێنن لە پشت ئیمامەکەتانەوە)، هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- ووتیان: (بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا)، وا دیارە خوێندنەوەی قورئانی لەسەر قورس بوو وهۆکارەکەی نەزانی بۆیە پرسیاری لێیان کرد، وئەمەش ئاماژەی بۆ کراوە لە گێڕانەوەیەکی تردا: (ما لي أنازع القرآن) [رواه ابن ماجة] واتە: (بۆچی خوێندنەوەی قورئان قورسە لەسەرم؟)، ولەوەیە هۆکاری قورسی لە خوێندنەوەی قورئان ئەوە بێت کە هەندێک لە هاوەڵان پێیان وابێت کە خوێندنەوەی ئیمام بەس نییە وبۆیە ئەوانیش قورئان دەخوێنن لە پشت ئیمامەوە، بۆیە ئەمیش کاریگەری دەبێت لەسەر خوێندنەوەی ئیمام. وسونەت ئەوەیە کە پێشنوێژەکانی پشتی ئیمام بە نهێنی قورئان بخوێنن وتەنها بۆ خۆی بیخوێنێت وکەسی تر گوێی لێ نەبێت وەدەنگی بەرز نەکاتەوە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ناڕەحەت بوونی خوێندنەوە لە لای ئەوانی تر، وخوێندنەوەی -سورەتی الفاتحة- واجبە لەسەر ئیمام وئەوانەی لە پشتیەوە نوێژ دەکەن و لەسەر کەسێکیش بە تەنها یان لە پشت ئیمامەوە نوێژ بکات وئەمیش بۆ نوێژی نهێنی -کە قورئان بە دەنگی بەرز ناخوێندرێت وەکو نوێژی نیوەڕۆ وعەسر- وبۆ نوێژی ئاشکرا -کە قورئان بە دەنگی بەرز تێیدا دەخوێندرێت وەکو نوێژی بەیانی ومەغریب وعیشا وهەینی ونوێژە سونەتەکانی تر-؛ ئەم واجب بوونەیش بەهۆی بوونی بەڵگەی زۆر وسەحیحە لەسەری. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کردن بۆ خوێندنی -سورەتی الفاتحة-، وفەرمووی: (لا تفعلوا إلا بفاتحة الكتاب) [صحيح: رواه أحمد] واتە: (قورئان مەخوێنن لە پشت ئیمامەوە مەگەر خوێندنی -سورەتی الفاتحة- نەبێت)، ولەوەیە نەهی کردن بۆ خوێندنەوەی قورئان بێت بە دەنگی بەرز وئاشکرا بە شێوەیە کە خوێندنەوە لەوانی تر تێکبچێت، ولەوەیە نەهی کردن بۆ خوێندنەوەی سورەتێکی تر بێت جگە لە -سورەتی الفاتحة-؛ ئەمیش بۆ ئەوەیە خوێندنەوە تێکنەچێت لەسەر ئیمام ونوێژخوێنەکانیش.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee